# مەسرور بارزانی: ساڵانە حەفتا ملیار بە خەرجیی دەرمان و پەداویستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە تەرخان دەکەین

ئەمە دووشەممە (6ـی تشرینی دووەمی 2023)، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان، بەردی بناخەی سەنتەری چارەسەری نەخۆشییەکانی شێرپەنجە بە تیشک (Radiotherapy LINAC) لە دهۆک دانا.

لە ئەورەسەکەدا مەسرور بارزانی گوتارێکی پێشکێش کرد و تێدا ئاماژەی بەوە دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە زیاتر لە حەفتا ملیار دینار بە خەرجیی دەرمان و پەداویستی پزیشکی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە تەرخان دەکات.